## تلیما سالم یاریزانی باڵەی یانەی ئەکاد:

# هۆڵی تایبەت و مەشقکردنی بەردەوام هاندەری سەرکەوتنی یاریزانن

دیمانە: کارزان کانەبی




***ئاستی یاریی باڵە لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا ئاستی ئەم یارییە باشە و وەکو پێویستە، بەڵام دەبێ زیاتر گرنگی بە کردنەوەی خول بدرێت بۆ یاریزانانی ئاستە بچووکەکان، بەتایبەتی لاوان و تازەپێگەیشتووان بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەون.

*** بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر پێشبکەوێت، چی بکرێت باشە؟**

-گرنگی زیاتر بدرێت بەو یاریزانانە لە ئاستی تەمەنە جۆراوجۆرەکانن و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، هۆڵی زیاتر بۆ ئافرەتان بکرێتەوە، چونکە ئێستا زۆربەی یانەکان هۆڵی تایبەتیان نییە بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی خۆیان بدەن.

***چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی ئەکادەوە کرد؟**

- ئەوەی راستی بێت یانەی ئەکاد هەمیشە قوتابخانە بووە بۆ پێگەیاندنی یاریزانان، منیش وەکو زۆربەی یاریزانەکان لە رێگەی مامۆستای وەرزشەوە لە قوتابخانەوە چوومە تیپی تازە پێگەیشتووانی یانەی ئەکاد، لەوێش مامۆستا راندی و ستافی راهێنەران گرنگیی زۆریان بە ئاستی ئێمە داوە و بەردەوامیش لە مەشقین بۆ ئەوەی ئاستمان بەرزتر بێت.

***کێشەو گرفتتان لە یانەی ئەکاد چییە؟**

-بە سوپاسەوە لە ماوەی یاریکردنم لەگەڵ یانەی ئەکاد تا ئێستا دووچاری هیچ کێشەو گرفتێك نەبووم و بگرە زۆریش هاوکارمانن، تەنیا نەکردنەوەی خولی بەردەوام بۆتە گرفت بۆ ئێمەی یاریزانان.

**یانــەی ئــەکاد هەمـــوو کات قوتابخانە بـــووە بۆ پێگەیاندنی یاریزانان لە تیپە جۆراوجۆرەکانی پێشەنگ بووە لە دروســـتکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاســـتی عێراق و کوردســـتان بۆ تیپەکانی لاوان و تازە پێگەیشـــتووانی بالـــەی یانەی ئەکاد هەمیشـــە بەوە بەناوبانگ بووە لەسەر ئاســـتی عێراق و کوردستان کە ژمارەیەك یاریزانـــی بەتوانای لـــە خۆگرتووە، یەکێك لـــەم کچە یاریزانانەی کە پاشـــەڕۆژێکی پرشـــنگدار چاوەڕوانیەتی، کچە یاریزان (تلیما ســـالم)ـە لە ساڵی ١٩٩٩ لە شـــارۆچکەی عەنکاوەی هەولێر لەدایکبووەو قوتابییە و لە هەمان کاتیشدا یاریی تۆپی بالە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***بۆچی ئافرەت لە کوردستان کەمتر وەرزش دەکات؟**

- بەڕاستی زۆر ئافرەت هەن کە حەز دەکەن وەرزش بکەن، بەڵام زۆرجار کۆمەڵگە بە چاوێکی کەم ســـەیری ئافرەتی وەرزشکار دەکات، بەڵام ئێمە بەردەوام هاوکاریی و پشتیوانی دەکرێین لەلایەن خانەوادەکەمان، لێرەوەش سوپاسیان دەکەین.

***پەیامت چییە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە وەرزش ناکەن؟**

_ئەگەر دەیانەوێ لەش ساغ وئاسوودەبن، با وەرزش بکەن، چونکە باشـــترین ڕێگە بۆ ئافرەت وەرزشە بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانی خۆیان دەربخەن.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

_بەهیـــوای ئـــەوەم لەگەڵ یانـــەی ئـــەکاد بتوانم لە پاڵەوانێتییەکان بەشـــداری بکەم و ناوی خۆم و یانەکەم لە ڕێگەی یاریی بالەوە بەرز بکەمەوە.

***هیچ کات لە وەرزشکردن لەلایەن خانەوادەکەت ڕێگریت لێ نەکراوە ؟**

-نەخێـــر زۆریش هاوکاریـــم دەکەن، ئاســـت بەرزەییم بۆ پاڵپشتیی ئەوان دەگەڕێتەوە کە بەردەوام هاوکارمن.

***ئایا دەســـتەی کارگێڕیی یانەکە هاوکاری بەردەوامتان دەکەن؟**

-بێگومان هیچ کات کەمتەرخەمییان نەکردووەو هەمیشە لە وەرزشکردنمان پاڵپشتی ئێمە بوون.

*** خوێنـــدن نەبۆتـــە هـــۆکاری ڕێگەگرتن لـــە وەرزش کردنت؟**

- تاکـــو ئێســـتا نەمهێشـــتووە ببێتە کۆســـپ، چونکە بەرنامەیەکی باشـــم دانـــاوە بۆ ئەوەی لە یـــەك کاتدا لە هەردووکیاندا سەربکەوم.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شـــتێکت ماوە بۆ گۆڤاری گوڵان باسی بکە؟**

_تەنیا سوپاســـی گۆڤـــاری گوڵان دەکـــەم، بەهیوای ئەوەشـــم بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی ئافرەتی وەرزشـــکار لە کوردستاندا.

# یانەی دهۆک پارەی گرێبەستی یاریزانانی دابین دەکات

هەرچەندە لە ئێستا دا زۆربەی یانەکانی کوردستان بەدەم گرفتی داراییەوە دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەشدا یارییەکانـــی خولی نایابی یانەکانی عێراقی درێژەی هەیە، بەڵام یانەی دهۆك تاکو ئێســـتا هیچ بڕە پارەیەکی نەداوە بە یاریزانانی یانەکەی وەکو بڕی یەکەمی گرێبەســـتەکانی کە مافێکی سروشـــتیی خۆیانە و زۆربەی یانەکانیش ئەو بڕە گرێبەســـتەیان بـــە یاریزانان داوە، یانەی دهۆك جگە لەوەی کە ئەنجامی باش بووە لە دوو یاریی ڕابردووی یانەکەی و هەوڵی ئەوەش دەدەن ئەنجامی باشـــتر تۆمار بکەن، بۆیە دەســـتەی کارگێڕیی یانەکە و دەســـتەی ڕاهێنەران لە هەوڵی دابینکردنی بڕە پارەیەکن بۆ ئەوەی وەکو گرێبەســـت بیدەن بەیاریزانانیان، بۆیە لە ڕێگەی چەند کەســـایەتیی و سەرمایەدارێکەوە یانـــەی دهۆك هەوڵی دابینکردنی پارەکـــە دەدەن، لە بارەی دابینکردنی ئەو بـــڕە پارەیەش محەمەد عەلـــی لـــە ڕاگەیاندنی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێســـتادا ئێمە لە دەســـتەی کارگێڕیی یانەکەمان لە هەوڵی ئەوەداین بڕێك پارە دابین بکەین بۆ ئەوەی بڕی گرێبەســـتی یەکەمی یاریزانانی خۆمانی پێ ئەنجام بدەین، ئەوەش مافێکی سروشـــتی سەرجەم یاریزانانی یانەکەمانە، بۆیە لە ڕێگەی چەند کەسانێکی دەوڵەمەند و کەسایەتیی شارەکە و بەرپرسانی حکوومی هەموو تواناکانمان خستۆتەگەڕ بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە، لەم بڕوایەشدام بە هەر جۆرێك بێت لە ماوەی داهاتوودا ئەو بڕە پارەیە دابین دەکەین، چونکە یاریزانانی خۆمان ئەنجامیان وەکو پێویســـتە پشتیوانی جەماوەریشیان هەیە.



## رائول گۆنزالیس

# لە ڕێگەی یانەی کۆزمۆس دەگەڕێتەوە یاریکردن

یاریزانی بە ناوبانگی ئیسپانی رائول گۆنزالیس یاریزانی پێشووی یانەی ریال مەدرید گەیشتە ڕێککەوتن لەگەڵ یانەی نیۆیۆرك کۆزمۆسی ئەمریکی بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ یانەی ناوبراو بکات و لە وەرزی داهاتوودا سەرپەرشتی ئەکادیمییەی تازەپێگەیشتووان بکات .

سەرچاوەیەکی نزیك لە یانەی کۆزمۆس رایگەیاند یاریزان رائول لەم هەفتەیەدا بۆند لەگەڵ یانەکەی مۆر دەکات و، لەساڵی داهاتوو سەرپەرشتی ئەکادیمییەی تازەپێگەیشتووان دەکات کەوا بڕیارە یانەکە بیکاتەوە. رائول تەمەنی ٣٧ ساڵە و لە خولی پلە دووی ئەمریکا لەگەڵ یانەی کۆزمۆس یاری دەکات، خولەکەش لەبەهاری ٢٠١٥ یارییەکانی دەست پێدەکات .

رائول گۆنزالیس لەگەڵ یانەکانی ریال مەدریدی ئیسپانی و شالکەی ئەڵمانی و سەدی قەتەری یاری کردووە، هاندەرانی یانەی ریال مەدرید بە ئەفسانەی یانەی شاهانە دایدەنێن. رائول تا ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ یانەی ریال مەدرید یاری کردووە و گۆڵکاری مێژوویی ئەم یانەیە بە تۆمارکردنی ٣٢٣ گۆڵ ، لەگەڵ یانەی شاهانە ٦ نازناوی خولی ئیسپانیا و ٣ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و دوو نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا و یەك نازناوی جامی سوپەری ئەوروپا و دوو نازناوی جامی ئینتەرکۆنتیناکتال بۆ یانەکانی جیهان بەدەست هێناوە. لەگەڵ یانەی شالکە یەك نازناوی جامی ئەڵمانیا و یەك نازناوی جامی سوپەری ئەڵمانیای بەدەست هێناوە، لەگەڵ یانەی سەد یەك نازناوی خولی قەتەر و یەك نازناوی جامی میری قەتەری بەدەست هێناوە .

لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا ١٠٢ یاری نێودەولەتی ئەنجام داوە و ٤٤ گۆڵی تۆمار کردووە کە دووەم گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی لارۆخایە .

## میشێل پ

# دەبێ خەڵاتی باشترین یاریزانی ج

میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا رایگەیاند دەبێ خەڵاتی تۆپی زێڕین بۆ ساڵی ٢٠١٤ بدرێتە یاریزانێکی ئەڵمانی دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا جامی جیهانی لە وڵاتی بەڕازیل بەدەست هێنا. گوتیشی: نابێت ئەم خەڵاتە جارێکی دیکە بدرێتەوە کریستیانۆ رۆنالدۆ، یان لیۆنیل میسی.

پلاتینی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی بی ئێن سپۆرت گوتی: من ناتوانم دەنگ بدەم بۆ خەڵاتی تۆپی زێڕین، بەڵام بە بۆچوونی من پێویستە ئەم خەڵاتە بدرێتە یاریزانێکی ئەڵمانی، چونکە ئەڵمانیا جامی جیهانی لە بەڕازیل بردەوە، راستە میسی ئەم خەڵاتەی لەساڵی ٢٠١٠ بردەوە، هەرچەندە لە مۆندیال ئەو



## ـــــلاتینی:
## ـــیهان بۆ یاریزانێکی ئەڵمانی بێت

ئاستەی پێشکەش نەکرد، بەڵام ئێستا هەموو فاکتەرەکان گۆڕاون و نابێت ئەم دیاردەیە دووبارە بێتەوە، گومان لەوەدا نییە کریستیانۆ و میسی باشترین یاریزانی جیهانن، بەڵام بە بۆچوونی من کریستیانۆ شایستەی ئەم خەڵاتە نییە، چونکە لە جامی جیهانی ئاستێکی باشی پێشکەش نەکردووە .

پلاتینی ئەوەشی راگەیاند خۆی کاندید نەکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی فیفا لەبەرامبەر جۆزیف سیپ بلاتەر، چونکە ئەو سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپای پێ باشترە لە سەرۆکایەتی فیفا .



## تیاگۆ سیلڤا:
## راهێنەر هەڵەی نەکرد من خۆم هەڵەم کرد

یاریزان و کاپتنی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی تیاگۆ سیلڤا رایگەیاند خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی بۆ یاریکردن دوای ماوەیەك دابڕان بەهۆی پێکانەوە، رۆژ لەدوای رۆژ هەست بە باشتربوون دەکات. تیاگۆ لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی تۆتۆ مێرکاتۆی ئیتالی گوتی: دوورکەوتنەوەم لە یاریگەکان هەڵەی راهێنەری یانەکەمان نەبوو، چونکە من پێم راگەیاند کە ئامادەم بۆ یاریکرد ، بەڵام من هەڵە بووم و بڕیارەکەم دروست نەبوو لەدیاریکردنی کاتی گەڕانەوەم بۆ یاریکردن . دەربارەی داهاتووی خۆی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان تیاگۆ سیلڤا گوتی: داهاتووی من لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان پەیوەست نییە بە بڕیاری یاریزان زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، من خۆم بیر دەکەمەوە و بڕیار دەدەم، دەمەوێ لێرە بەردەوام بم و هیوادارم نازناوی چامپیۆنزلیگ لەگەڵ ئەم یانەیە ببەمەوە.

شایانی باسە یاریزان تیاگۆ سیلڤا لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢ لە یانەی میلانی ئیتاڵی هاتە ریزی یانەی پاریس سان جێرمان .



# کوڕە کوردێک پلەی شەشەمی پاڵەوانێتیی ماڕاسۆنی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا

سەفین رەسول یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی ناحیەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر لە شاری لوبیك لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری لە پاڵەوانێتیی لوبیکی بەناوبانگی ئەوروپا کرد. لەو پاڵەوانێتییەدا زیاتر لە سێ هەزار وەرزشوانی وڵاتانی جیهانی لە هەردوو رەگەز بەشدارییان لە ماڕاسۆنەکە کرد و کێبڕکێیەکی بەهێزیان نمایش کرد. سەفین رەسول یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی ناحیەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر، تاکە کورد بوو بەشداری لە پێشڕکێیەکانی ١٠کم راکردن لەو پاڵەوانێتییەدا کرد. لەبارەی بەشداریکردنەکەشی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم پاڵەوانێتییە یەکێکە لە پاڵەوانێتییەکانی بەناوبانگی ماراسۆن لە وڵاتی ئەڵمانیا و ئەوروپا و ساڵانە یاریزانان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان بە هەردوو رەگەزە بەشداری تیا دەکەن، منیش وەکو کوڕە کوردێك بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خۆم و هەرێمی کوردستان بە ئاڵای کوردستانەوە لە شاری لوبیك بەشداریی ماراسۆنەکەم کردو توانیم لە کۆی ٣هەزار وەرزشکاری بەشداربوو، پلەی شەشەم بەدەست بهێنیم، ئەوەش بۆ من دەستکەوتێکی گرنگ بوو، ماوەی پاڵەوانێتییەکەش ١٠کم بوو، یاریزانان لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانی بەشدارییان تیا کردبوو، من بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك هاوکاریم بکات، بەشداری ئەو پاڵەوانێتییەم کرد.





# سەفین حەمەدەمین وازی لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هێنا

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە سەرەتای ئەم وەرزە بە ئامانجی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولی کوردستان، چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزانان مۆرکرد، یەکێك لەم یاریزانانەش سەفین حەمەدەمینی گۆڵچی پێشووی یانەی برایەتی بوو کە لە ریزی یانەی برایەتی بە بڕی ١٦ملیۆن دینار گواستیەوە بۆ ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بەڵام بەهۆی کەم کردنەوەی بڕی پارەی گرێبەستەکەی، ناوبراو وازی لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هێناوە. لە بارەی هۆکاری وازهێنانی لە یانەکەش سەفین حەمەدەمین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرەتا من لە رێگەی مامۆستا دیار کەمال پەیوەندیم بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کرد بۆ ئەوەی بەرگری لە گۆڵەکەیان بکەم لە خولی نایابی کوردستان، بڕی گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك ساڵ بوو بە ١٦ملیۆن دینار، بەڵام دواتر کە ماوەی ٣مانگ لەگەڵیان بەردەوام بووم، بەمنیان راگەیاند کەوا بڕی بۆندەکەم کەم کراوەتەوە بۆ ١٠ملیۆن دینار، بۆیە منیش بەوە رازی نەبووم و ریزی یانەکەم جێهێشت، ئەو ماوەیەش لە یانەکە بووم مووچەی تەواویان پێ داوم. لە بارەی یانەی پێشمەرگەش گوتی: «بەداخەوە ئەوەی لە دەرەوە باسی ئەم یانەیە دەکەن، وا دەرنەچوو، چونکە لە ژوورەوە کەس گوێ لەکەس ناگرێ، ئەوان وایان بیر کردەوە کە من لەگەڵ مامۆستا دیارم، کە ئەو وازی هێنا، منیش واز دەهێنم، بەڵام من تەنیا پەیوەندیم بە خۆمەوە هەیە، ئەوە بیر کردنەوەی ئەوان بوو.

لە بارەی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی دیکەش گوتی: «تاکو ئێستا بەفەرمی لەگەڵ هیچ یانەیەك رێکنەکەوتووم و تەنیا گفتوگۆم لەگەڵ یانەی برایەتی کردووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ شتێکی فەرمی نییە.



# یانەی سلێمانی دەبێتە پاڵەوانی خولی نایابی تێنسی سەرمێزی کوردستان

لە شاری سلێمانی و لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرمێزی کوردستان و بەهاوکاریی لقی سلێمانی یەکێتییەکە و بەبەشداریی هەریەك لە یانەکانی (برایەتی، سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، سیروانی نوێ، هەڵەبجەی شەهید، ئەکاد، قەڵا، سۆلاڤ، دهۆك، ئاشتی) لە ئاستی کوڕان خولی تۆپی سەرمێزی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ ماوەی سێ رۆژ کێبڕکێیەکانی خولەکە لە نێوان یاریزانانی یانە بەشداربووەکان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی یانە بەشداربووەکان لە ماوەی خولەکەدا ململانێی بەهێزیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی تۆپی سەرمێز، لەسەرجەم یارییەکانیش کوڕانی یانەی سلێمانی توانییان بە ئاست و بە ئەنجام یارییەکان بە سوودی خۆیان کۆتایی پێبهێنین و سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکیان پێشکەشی هاندەرانی ئامادەبووی نێو هۆڵەکە کرد. لەبارەی هۆکاری نەهاتنەوەی هیچ یانەیەکیش لە خولەکە، قەلەندەر نەسرەدین جێگری سەرۆکی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرمێزی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای چەند جارێك دواخستن بە هۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات و راگرتنی چالاکییەکان لەلایەن لێژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان، دواجار بڕیاردرا لەسەر دەستپێکردنی خولەکە، بۆیە بڕیاری ئەوەمان دا ئەمساڵ هیچ تیپێك دانەبەزێ بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، چونکە خولەکە تەنیا بەیەك قۆناغ بەڕێوە چوو، دواتریش چەند یارییەك لە کاتی خۆی دواکەوت بەهۆی ئەوەی لە ناو پاڵەوانێتییەکەش لە دەرەوەی یاریگە یاریزانێکمان لە ماڵەکەی خۆیدا بە هۆکاری جەڵتەوە کۆچی دوایی کرد، کە ناوی کەیوان لەتیف یاریزانی یانەی قەڵای تورکمانی شاری هەولێر بوو، لە هەمان کاتیشدا برای یاریزان کارزان لەتیفی یاریزانی هەڵەبجە بوو، بۆیە بە پێویستمان زانی کە ئەمساڵ هیچ یانەیەك دانەبەزێ بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان.ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

١-یانەی سلێمانی
٢-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی
٣-یانەی سۆلاڤ